رۆژنامەی

ژمارە : ت

بەروار : 26/ 5/ 2007

ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

**بەڕێز / خاتوو سەوسەن سەلیم**

**بابەت: دیمانەی رۆژنامەوانی**

**سـڵاوو ڕێـز...**



**هەموو پرۆسە سیاسیەکان لەماوەی نزیکەی دوو دەیە نەیتوانیوە کێشەو گرفت و ئازارەکـانی تـاک چارەسـەر بکـات و تـائێسـتاش ئەم کێشـانە بەهەڵواسـراوی ماونەتەوە، ژنان و ئافرەتـان یەکێکن لەم چینە زوڵم لێکراوانەی کە بەدەست چەنـدین دوژمنـی سەرسـەختەوە دەنـاڵێنن هەر لەداب و نەریتـی زاڵـی نێـو کۆمەڵگاوە تا دەگات بە یاساو دەستوورو عەقڵیەتی پیاو سالاری و دەسەڵات و ...هتد. ئێمە بۆ ئەوەی دەروازەیەک بدۆزینەوە بۆچارەسەر کردنی ئەم کێشانە، بـۆ ئەوەی ژمـارەی قوربانیەکـان کەم بکەیـنەوە، بـۆ ئەوەی یەخسیری و پلە دوویـی رەگەزی مێینە بخەینە ژێر پرسیارەوە، بۆ ئەوەی شێوازێکی باشتر بـۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژنـان و ئافرەتـان بکەینە هەڵـس و کەوتی بـاوی نێو کۆمەڵگاو چیتر ئیهـانەو سوکایەتیکردن بەشێوازی جیاجیا بەکەرامەتـی ئافرەتـان وەکو هەڵـس و کەوتێکی ئاسایی نێو کۆمەڵگا چـاوی لێنەکرێت، دەمانەوێت لەرێگەی چەنـد دیدارێکی رۆژنامەکەمانـدا نووسەرو رۆژنـامە نووس و رۆشنبیرو سیاسیەکان بدوێنین.**

**بۆ ئەم ژمارەیە نووسەو رۆژنامە نووس خاتوو سەوسەن سەلیم وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە**

**پ1 / کێشەو گرفتەکانی ژنـان و ئافرەتـان لەکۆمەڵگـای کوردسـتان زۆرن و بەدەست چەنـدین کێشـەوە دەنـاڵێنن، ئەو کێشانەی کەتۆی لەنزیکەوە نیگەران کردووە چین ؟**

سەوسـەن سـەلیم: بێشـك کیشـەکانی ژنـان لەکوردسـتان زۆرن بەتایبـەتی کـەخۆم لـەماوەی پێشـودا لـە کوردسـتان بـووم بەراسـتی زۆر سەرسـام بـووم دوای ئـەم هـەموو نارەزایـەتی خـەلك وژنـان و بزوتنـەوەی ئازادیخوازی ژنان و رێکخراوە مەدەنیەکان، نوسین و کاری ئیفشاگەری و کـەمپینی جۆراوجۆر بەدریـژای شانزەسالی رابوردوو لەدەرەوەو لەناوەوەی وولات بۆ داکـۆکی لەمافـەکانی ژنـانی کوردسـتان و داسـەپاندنی قـەراری 59 لـە دژی کوشـتنی ژنـان، کـەچی سـەیردەکەیت کێشـەکانی ژنـان نـەك بـەرەو کـەمی نـاروات بگـرە زۆرتر روو لەزیادبوونە ( کوشـتنی ناموسـی وخـۆکوژی خـۆسوتاندنی ژنـان و زواجـی بـەزۆرو چـەند ژنـەو ژن بـەژن و مـارە برینـی کچـانی سەربێشـکەو کێشـەی ژنـانی قـەیرەو خەتەنـەکردنی کچـان و حجـاب یـان سەرداپۆشـینی بـەزۆر هـەموو جـۆرە کـۆنترۆلیکی خێزانـی و بـاوك و مێـرد بەسـەر ژیـانی ئافرەتانـەوە لەجلوبەرگ پۆشین و سەفەرکردن و خوێندن و کارکردن و....) هـەموو ئـەم دیـاردە دژە ژنانـە رۆژانـە ئاسـتی روولەسەریان هەست پیدەکریت و هەواڵە تاڵەکانی دێتە سـەر رووی رۆژنامـەو تەلـەفزیۆن ودەزگاکـانی تـری راگەیاندنەوە.

تەنانەت بەئاشکرا هاندانی تێروانینی سکسیستانە لە سەر ژنان دیاردەیەکی هەستپیکراوە. کەم نییە حالەتی تاوانبار کردنی ژنان بەوەی کە"سنور شکینی فەرهەنگی خۆماڵی ودینی ونەتەوایەتین و خۆیان هۆکاری هەر تاوانێکن کەبەرامبەریان دەکریت".. لەلایەن مەلا و سەرانی دەسەلاتدارانی کوردستانەوە. سەرباری ئەمانە ئەوەی منی زۆر نیگەران کردوە دیاردەی کوشتن وتیرۆری ژنانە وەیان خۆکوژی ژنان کە ماوەی شانزەساڵی رابووردو بەرۆکی بەژنانی کوردستان گرتوە لە کاتێکدا لە هەمووشوینێکی دنیا بەپی پێوەرە ئینسانی وجیهانیەکان مافی ژیان بەرەسمی بۆ هەمووئینسانیك ناسراوە بەلام لەکوردستانی عیراق ئەم مافە بۆ ژنانی کوردستان بەرەسمی نەناسراوە هەرلەزەمانی صدامەوە بەپی قەراری 111 کە رەسمیەت بە کوشتنی ژنان ئەدات لەژێر ناوی مەسەلەی ناموسیدا ئەم قەرارە بەمیرات لەلایەن دەسەلاتدارانی کوردە وەرگیرا و لەسەرەتای دەسەلاتگرتنی یەکیتی و پارتیەوە بەتەواوی کاری پێکراوە. ئەمە جگەلەوەی کەخۆیان بەشێك بوون لەهیرشکردنە سەر مافە ئینسانیەکانی ژنان وهاندانی ژنان بۆ ژیانی مالداری وکۆیلەی ودورخستنەوەیان لە هەرجۆرە پیشرەویەك لە ژێرناوی پەیرەویکردن لە فەرهەنگی خۆماڵی و دینی وبەتایبەتیش ئاوەلاکردنی دەستی دین و گروپە ئیسلامیەکان لەسەر ژیانی ژنانی کوردستان و بەکارهێنانی ژنان وەك وەرەقەیەکی سیاسی بۆ سات وسەدا لەگەل حزبە ئیسلامی و سەرۆك عەشیرەتەکاندا بۆ راگرتنی توازنی فەرهەنگی کۆنەپەرستانە لەکۆمەلدا بیدەربەستانە لەبەرامبەر کوشتن و ئەتك کردنی ژناندا هەلویستیان نواندوە. نمونەکانی کەژال خدرو نیشتمان ومهابات وجوانە عبدوللە وهەزاران ژنی تر تا دەگات بە رووداوی بەردەبارنکردنی دوعاو کوشتنی ئامینەی 12 سال نمونەی تالی ئەم سیاسەتانەو ئەم بیدەربەستیەن.

**پ2 / چیدەڵێیت بەرامبەر بەعەقڵیەتی پیاو ساڵاری کۆمەڵگای کوردستان کە رۆژانە جەستەی چەندان ئافرەت بەخاک دەسپێرێت ؟**

سەوسەن سەلیم: من سەرەتا دەمەوێ ئەوەبلیم ولەپرسیاری پیشوشدا ئیشارەم پیداوە ئەوە خەلکی کوردستان و پیاوانی کوردستان نین کەلەبنەرەتەوە "پیاوسالارن و عەقلیەتی پیاوسالاری"یان هەیە بۆیە ژن کوشتن هەیە!!. بەواتایەکی تر ئەوە کۆمەلگای کوردستان نییە کە بەهۆی "پیاوسالاری‌یانەوە" کوشتنی ژنانیان قبولکردوە بۆیە کارەساتەکانی کوشتنی ژنان روودەدەن. بەپێچەوانەوە ئەوە دەسەلات و ئەو گروپەیە کەدەسەلاتیان لەدەستدایە بەئەقلیەتی پیاوسالاریەوە لەکۆمەلگاو ژنان دەروانن و هەولیش دەدەن کە ئەو فەرهەنگە پەرەپێبدەن لەنێو پیاوان و کۆمەلگادا کە خۆیان بروایان پێی هەیە. بەبروایی من ژن کوشتن و پیاوسالاری سەرچاوەکەی بۆدەسەلات و فەرهەنگی ئەوان دەگەرێتەوە. ئەوە قانونیکە کەمیژووی رابردوو و ئێستاو داهاتووی هەر کۆمەلگایەك سەلماندویەتی و دەشی سەلمینیتەوە، کە فەرهەنگی باو لەکۆمەلگادا فەرهەنگی ئەو تاقمەیە کەلەسەردەسەلاتن، جائەمانە گەر پیاوسالارو دین پەرست و نەتەوەپەرست و کۆنەپارێزبن و بیروڕای خۆیان لەسەر فەرهەنگی کۆن راوەستابێت هەرئەوانەش لەکۆمەلگادا بەرە پیدەدەن و دەیکەنە خوراکی مێشکی کۆمەلانی خەلکی. لەمبارەوە نمونە زۆرە بۆ

دەرخستنی راستی ئەوەی کە پیاوسالاری چۆن لەئەقلیەتی دەسەلاتدارانەوە دادەکەوی وپیاوان وکۆمەلگای پیێ پەروەردە دەکری و وەك عادەت و خوو لەژیانی تاکی کۆمەلگادا جیدەخریت. کێ هەیە ئەوە نەسەلمینێت، کەلەشانازی کردن بەدینی ئیسلامەوە تا رێزلێنان و بەروتبە وەرگرتنی سەرۆك عەشیرەتبوون و شیخبوون ومەلا بوونەوە تا کردنی شەریعەتی ئیسلام بەسەرچاوەی دەستوری هەرێم، تادانانی وەزارەتی ئەوقاف و گەرانەوە بۆ قانونی ئەحوالی شەخسی عیراقی، تاسەرنجدان لە پێکهاتی پیاوانەی ئەحزابە کوردیەکان و دەسەلاتی پیاوانەیان.. تا سەرنجدان لە قسەو زمانی سەرانی دەسەلاتدراو راگەیاندنەکانی ئەحزابی کوردی، کەچۆن زاراوەکانی "شیرە ژن" و "شەرف و ناموس" وەك باران دیتەدەرەوە. تەنانەت لەگۆرانی و هونەرەکەیاندا، نمونەکانی "زاوا لەبوکێ مەدە وشیعرو هۆنراوەی کوردبوون و پیاوبوون ومەردایەتی"، کراونەتە پێوانەو بەهای بەرزی هەست و چیژ وەرگرتن لەهونەرو ئەدەبیات. وەلەمەیدانی سیستەمی پەروەردەوخویندندا جیاکردنەوەی کچان و کوران ولێدان لەمنالان و سەرپۆشکردنی کچان.. هەموو ئەمانە یەك سیستەمی پیاوسالاریان لەکۆمەلگادا بەری خستووە کە تەحقیری ژنان و کوشتنی کرۆدتە عادەتیك. بێگومان لەسیستەمێکی ئاوادا من و هەرپیاوێکی تر کەلە ژێرسایەیدا دەژی ناتوانی وەبار نەهنریت بەئەقلیەتی دواکەوتوانەو پیاوسالاری بۆیە بەبروای من پیاوان خۆیان قوربانی ئەقلیەتێکی پیاوسالارین کەدەسەلات پاریزەرو بەرهەمهینەریەتی. ئەوەی من دەمەوی بیلیم ئەوە کەئینسانەکان بەتایبەتی پیاوان لەکوردستان بوونەتە قوربانی فەرهەنگ وکلتورێك کەلەلایەن دەسەلاتدارانەوە فەرزبوە بەسەریان. بەلام نابێ ئەوەش نەلێم کەسەرەرای ئەم هەقیقەتە، کەم نین ژمارە و هەولی وتیکۆشانی پیاوانێکی یەکسانیخواز ومۆدیرن وداکۆکی کەر لەمافەکانی ژنان لە کوردستان.

**پ3 / ئێستا زۆرێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەکوردستان هەڵمەتێکیان لەدژی خەتەنەکردنی کچانەوە دەست پێکردووە سەرەتا خۆت رات چییە بەرامبەر بەخەتەنەی کچان، وەپێت وایە ئەم هەوڵەی ئەو رێکخراوانە بەکوێدەگات ؟**

سەوسەن سەلیم: خەتەنەکردن سونەتێکی ئیسلامی و تەقلیدیە شێوەیەکی ئەوپەری درندانەیە لەتوندو تیژی بەرانبەر مندالی مێ یان نێر (کچان وکوران) ئامانجی ئەم کردەوە سونەتیە کۆنترۆل کوشتنی حەزی جنسیە لە ئافرەتاندا وە ئەمەش بە شێوەیەکی پاشماوەو میرات لە ئیسلامەوە ماوەتەوە جیل بەجیل رۆیشتوە، هەلبەت ئەنجامی گەشەکردن وجێکەوتنی سیستەمی شاری ئەم دیاردەیە لەسالەکانی حەفتاکان و هەشتاکاندا زۆر کەم بوبووە جێگەی باس نەبوو, بەلام بەدوای سالەکانی نەوەد گەشەسەندنی بزوتنەوەی ئیسلامی وفەرهەنگی خۆمالی ئەم دیاردەیە سەرهەلئەداتەوە هانئەدری ئێمە وەك رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان چەندین جار لەسەر زیادبوونی ئەم دیاردەیە لەرۆژنامەی یەکسانیدا نوسیومانە بەتایبەتی لە گوند ناوچەکانی دەوروبەری شار بەتایبەتی هەولێرو هەلەبجەو..وە ئیستاکەش وەك دەیبنن بەپێی ئەو سەرژمێریانەی کە رێکخراوی ناحکومی کردویانە لەماوەی دووسالی رابوردوو لە 116 گوند 2320 کچ خەتەنەکراون بەگویزان یان چەقۆی تیژ، لە 2005 دا لەکۆی چل گوندی گەرمیان 1534

میینە چاوپێکەوتنی لەگەل کراوە 902 خەتەنەکراون.لە راپۆرتی لەش ساغی جیهانیدا هاتوە کەکوردستان دووەم دەولەتە دوای وولاتانی ئەفریقا لە بەرزی ریژەی خەتەنەی مێینە.

تایبەت بەووجودی ریکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی هەولەکانیان لەدژی خەتەنە کەخۆم لەسەردانەکەم بۆ کوردستان بەشداری یەکی لە کۆبونەوەکانی کەمپینی دژی خەتەنە کەلەلایەن ریکخراوی وادی و ریکخراوی راسانەوە بەریخراوە بەشداربووم کەئامانجیان ئەوەیە کەدەسلاتدارانی کورد حساس کەنەوە بەم کیشەیە وە دیاردەی خەتەنە وە تاوانێکی توندوتیژی لەدژی کچان وژنان سیرکەن یاسای توند لەبەرامبەرتاوانباران دابنین.من تائیرە هیچ کیشەم نیە دلنیام ئەم ریکخراوانە دەیانەوی چاکسازی وئالۆگۆر لەوەزعی ژناندا بکریت، بەکاری هۆشیار کردنەوەو پێکهینانی گروپی فشار بۆ سەر دەسەلاتداران وەزعی ژنان بگۆرن، کیشەی من ئەوەیە لەئیستای وەزعی هەلواسراوی کوردستان دەسەلاتی ئەحزابی کوردی بەرای من ئەم هەولە کاریکیمەحالە، هۆکەشی ئەوەیە ئەم ریکخراوانە لەخیابی وجودی دەولەت و دەسەلاتی مەدەنی ئەم کارانە دەکەن وە هەروەك ئاگادارین دەمێکە ئەم ریکخراوانە هەول ئەدەن کەچی دەبینی وەزعی ژنان رۆژ بەرۆژ خراپتردەبێ، بۆیە بەبروای من تەنها ریگە چارەیەك بۆ ئالگۆر پیهێنان بەوەزعی ژێردەستی ژنان وکیشە کانیان، دەبی بزوتنەوەی ژنان وریکخراوە مەدەنیەکان خۆیان بەبەشیك لە بزوتنەوەی سیاسی رادیکال وچەپ وسەربەخۆ بزانن و وە بۆ دامەزراندنی دەولەت و دەسەلاتێکی مەدەنیو سکولاری نەقەومی ونە ئاینی تێبکۆشن ئەمە تەنها زەمانەتە بۆ بەئەنجام گەیاندنی داواکاریەکانیان و گۆرینی وەزعی ژنان.

**پ4 / ماف و ئازادیەکانی تاک لەکوردستان سنوور دارە بەتایبەت ماف و ئازادیەکانی ژنان، پێت وایە بە چ میکانزمێک ئەم ماف و ئازادیانە چوار چێوەکەی فراوان دەبێتەوە ؟**

سەوسەن سەلیم:ماف و ئازادیەکانی تاك بەتایبەتی ژنان سنوردارن هۆکەی دەگەریتەوە بۆ سونەت و دەسەلاتێك کەلەکوردستاندا کاردەکات دەسەلاتێکی دینی رەگەزی کەسەرتاپای دژی ماف وئازادیەکانی ژنانە میژوی شانزەسالی رابووردو ئەوراستیە دەسەلمێنی ئاوەلاکردنی دەستی دین مەلاو عشایرو ئاغا وکویخا بەسەر ژیانی ژنانەوە لەقالب دانی مافەکانی ژنان لە چوارچێوەی یاساو دەستوری مەزهەبی و رەگەزیدا دانانی دینی ئیسلام وەك سەرچاوەی رەسمی یاساکان رەواج دان بە دیاردەی چەندژنەو حجابی بەزۆر زواجی بەزۆر تەنانە مافی هاتوچۆ تێکەلاوبوون...بۆ ئەوەی ئەم حدودە بشکیت ژنان دەستیان بە مافەکانیان بگات تەنها بەخەباتێکی فراوانی جەماوەری و کۆمەلایەتی دەکریت کە هەم ژنان و هەم پیاوان تیایدا بەشدارن، خەباتێك کە یەخەی دەسەلاتدارانی ئیستا دەگری و تیدەکۆشیت بۆ دامەزراندی دەولەتێکی سەربەخۆی هاوچەرخ و بردنی کۆمەلگای کوردستان بۆژیر سایەی سیستەمیك لەحوکمرانی کەلەسەر بناعەی مافی هاولاتی بوونی یەکسان، ئازادی ویەکسانی هەمەلایەنەی ژنان لەگەل پیاواندا ولەسەر بناغەی ئاستێکی بەرز لەخۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی راوەستاوە.

**پ5 / رۆلی یاساکانی کوردستان بەتایبەت یاسای ( سزادان ) چۆن هەلدەسەنگێنی لەبەرامبەر ئەو کێشانەی کە روو بەرووی ئافرەتان دەبێتەوە ؟**

سەوسەن سەلیم: لەراستیا لە کوردستان دەولەتێك نیە  تایاسای هەبێت ، ئەوەی هەیە تەنها دەسەلاتی چەند حیزبیکی میلیشیە و یاساکانیانیشی بۆراگرتنی ئەم دەسەلاتەیە لەبەرامبەر نارەزایەتی خەلکدا. کەهێشتا لەسەرچاوەوە ئاو لە یاسای رژیمی بەعسی فاشست ودەستوری شیعەو سونییەکان دەخواتەوە. لەوشوینەشدا کە باس لەیاساو دادگا دەکەن بۆ پیاوانی خۆیان سولحی عەشایری دیننەئاراوە ودەزگای "کیشەی کومەلایەتی وسەروك عەشیرەت و مەلاکان" دەکەنە تەرەف لەچارەسەرکردنی کیشەکانی ئافرەت و دادگادا. نمونەی صولحی "سالە موزەلی"  لەگەل کەسوکاری مهابات عبدوللە و بەهاندانی دەسەلاتداران خۆیان ئەم قسەیە بەباشترین شیوە دەسەلمینی.

**تێبینی: تکایە تاکو 2007/6/10 وەڵامەکانمان بۆ بنێرە لەگەڵ وێنەیەکی تازەی خۆت.**

ڕۆژنامەی

❋ زۆر سوپاس بۆ بەرێزت

2007 /5 /26